مۆزەخانە، نۆستالجیا و پاراستنی میرات و کەلەپووری نەتەوەیی و مرۆڤایەتیی

کازم جەباری

ڕەوڕەوەی شارستانی و مێژوویی هەر گەل و نەتەوەیەك ئەوە دەخوازێت، بایەخ بە کەلوپەل و کەرەستە و پاشماوەوە و یادەوەرییەکانی خۆی بدات، لە دونیادا هیچ گەلێك نییە خاوەن شوناس و شانازی مێژوویی و نیشتیمانی و نەتەوەیی و سەرمایەی ڕەمزی خۆی نەبێت، جا چ لە سەر ئاستی گشتی فەرهەنگ و شارستاینەتییەکەی بێت یاخود لەسەر ئاستی کارەکتەریی و کاریزمایی... هتد.

ڕەنگە مرۆڤ بەپێی گۆڕانکاری لە قۆناغەکانی پێشکەوتنی ڕەوتی دیرۆکی و ژیاری مرۆڤایەتی و لەوکاتەوەی کە درکی بە گرنگی ئەرشیفکردن و پاراستنی یادەوەریەکانی کردبێتەوە مۆزەخانەی کردبێت بە دیاری و سیمبوڵ بۆ نمایشکردنی بەها شارستانی و شکۆ مرۆییەکەی، ئەمەش دیاری و یادگارییەکی نایابە. هەتا ئەو کاتە هێزی مانەوەی هەیە کە مرۆڤ بایەخی پێبدات و پارێزگاری لێبکات، ئەمەش بیانوویەکی باشە لەلایەك بۆ پارێزگاری کردن لە مانەوەی ڕابردووی خۆی، لەلایەکی تر بۆ پێشاندانی تواناو لێهاتوویەکانی لەمەڕ ئاڵانگارییەکانی ژیان. ئەمە ئەو هەستەمان پێدەبەخشێت کە مۆزەخانە بەتەنها شوێنێك نییە بۆ نمایشکردن، واتا بە تەنها سیفەتێکی "شوێن"ی نییە، بەڵکو بەشێکە لە قوتابخانەی مرۆڤایەتی و سیفەتی "کات"یشی هەیە و ڕابردوو ئێستامان پێکەوە گرێدەدات، بە تەنها مادده (کەرەستە) نییە و جەستەیەکی مردوو و خانەیەکی بێدەنگ لەخۆ بگرێت. نها هەڵگری مانای قوڵی مەعریفییە. هەمیشە بەسەردانیکردنی شتی نوێی لێوە فێردەبین، باشتر لە ڕابردووی خۆمان تێدەگەین دەتوانین لەوێوە کۆدەکانی ژیانی ڕابردووی خۆمان بدۆزینەوە. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەمڕۆکە مۆزەخانەکان بوونەتە ناوەندێکی تەرفیهی و گەشتوگوزاری بۆ ئەو ڕێبوار و گەشتیارانەی کە وەك سەرخانێکی گەشتیاری لە مۆزەخانە دەڕوانن و بەشێك لە وێستگەی گەشتەکانیانی بۆ تەرخان دەکەن. ڕەنگە ئەمەش بۆ وڵاتی خانەخوێ خراپ نەبێت بە دیوە ئابووری و پیشەسازی و بازاڕسازیە گەشتیاریەکەیدا.

## چەمکی مۆزەخانە

ناوبراوە،  (museum) مۆزەخانە لە زمانی عەرەبیدا بە مەتحەف (متحف)، لە زمانی ئینگلیزیدا بە یاخود "مۆزە"وە وەرگیراوە  (mousein) هەرچی ڕیشەی وشە ئینگلیزیەکەیە لە وشەیەکی گریکی کە وشەکە لە شارستانیەتی یۆنانی کۆندا بەواتای "گردێکی ئاینی" کۆن دێت لە یۆنان کە تایبەت بووە بە پەرستگای خوداوەندی هونەر و پیشەکان. بەدی لە ئێستادا مۆزەخانە دیاردەیەکی مرۆیی و کلتووری و فەرهەنگییە، سیمبوڵێکی یادگاری کردە، یادەوەری و کەلوپەلە مێژوویی و نەتەوەیی و فۆلکلۆرییەکانی ڕابردوی نەتەوەکانی تێدا دەپارێزرێت. هەندێک کات مۆزەخانە دەبێتە نمایشی تۆمارێکی هاوبەشی دیرۆکی پیشاندراوی گەلانی جیهان، تێیدا بەرهەمی شارستانی و کلتووری تێکڕای گەلانی جیهانی تێدا دەپارێزرێت. واتا وابەستە نابێت بە مێژوو و کلتووری و شارستانیەتی شوێنگە و جوگرافیایەکی دیاریکراو، وەک ئەوەی لە مۆزەخانەکانی لۆڤەر لە پاریس، مۆزەخانەی نیشتیمانی لە بەریتانیا دەبینرێت. هەندێک لە وڵاتانیش مۆزەخانەکانیان تایبەتمەندن بە وێنەنمای کلتوور و شارستانیەتی نەتەوە و سنووری  جوگرافیاکردی وڵاتانی خۆیان. واتا لێرەدا مۆزەخانە دەبێتە پارێزەر و پەناگە و ژوانی فەرهەنگی ڕابردوی گەلانی وڵاتێکی دیاریکراو.

پۆلێنبەندی مۆزەخانەکان لەسەر ئاستی میراتی شارستانیەتی مرۆڤایەتی

بەم پێیە دەتوانین مۆزەخانە لەسەر ئاستی میراتی مێژوویی و فەرهەنگی و شارستانی مرۆڤایەتی لەمەڕ ئاستی جیهان دابەشبکەین بۆ:

مۆزەخانە جیهانییەکان: لێرەدا ئەم مۆزەخانانە میراتێکی مێژوویی شارستانیەتی تێکڕای گەلانی جیهانە تایبەتە بە پاراستنی ئەو کەرەستە و تابلۆ و کەل و پەلە بەجێماوانەی کە موڵکی مرۆڤایەتین و لەو مۆزەخانەدا پارێزراون. نموونە بۆ ئەم تایپە لە مۆزەخانە: مۆزەخانەی لۆڤەرە لە پاریس.

مۆزەخانە نیشتیمانییەکان: ئەم مۆزەخانانە بەرهەمی مێژوویی و شارستانی گەلانی جوگرافیا و وڵاتێکی تایبەتی تێدا دەپارێزرێت، زۆربەی وڵاتانی جیهان خاوەنداری هاوشێوەی لەم جۆرە مۆزەخانانەیان هەیە، بەتایبەت ئەو وڵاتانەی کە خاوەن ژیارێکی و کۆنی مێژوویین. ڕەوڕەوەی شارستانیەت لێیانەوە سەری هەڵداوە یان شارستانیەت پێیاندا تێپەڕیووە. ئەم وڵاتانە بەهۆی دێرینی شوێنگە ژیاری و مێژووەکەیانەوە خاوەن سەرمایەیەکی ڕەمزی و  پاشماوەی ڕەسەنی کۆنی مێژوویین و کە خۆی لە بەرهەمی چاخەکانی پێش مێژوو و چاخە مێژوویەکان و چاخەکانی دواتردا دەبینێتەوە. نیشتیمانی ئەم وڵاتانە پڕە لە داستان و کەرەستە و سامانی ماددی و مەعنەوی، هەروەک شارستانیەت

لە سادەترین پێناسەیدا بریتیە لە کۆی پاشماوە و کەرەستە ماددیەکانی وەک ئەشکەوت و پەناگە و کوخ و هەڵکۆڵرا و هۆکار و پێداویستیە ژیانیەکانی وەک قاپ و قاچاخ و نەخش و نیگار و کەرەستەی جەنگی و هۆکاری خۆپارێزی و کەرەستە مەعنەوییەکانی وەکو بیروباوەڕ و هونەر و ئەدەب (شیعر، چیرۆک، داستان، ئەفسانە) و بیرو ئەندێشەو، کە میرات و موڵکی مرۆڤایەتین.

هەرچی نموونەی مۆزەخانەی نیشتیمانییە، ئەوا ئەم جۆرە مۆزەخانە لە زۆر وڵاتانی خاوەن شارستانی وەک میسۆپۆتامیا (عێراقی ئێستا) و شارستانیەتی دۆڵی نیل (میسری ئێستا) دا گرنگی پێدەدرێت وەک مۆزەخانەی نیشتیمانیی لە بەغدا و مۆزەخانەی نیشتیمانیی لە میسر. ئەوەش ڕاستە کە مەرج نییە مۆزەخانە نیشتیمانییەکان تەنها تایبەت بێت بەو وڵاتانەی کە مێژوویەکی کۆنیان هەیە بەڵکو مۆزەخانە ناوەندێکە بۆ ئەو کەرەستانەی کە سەرمایەیەکی ڕەمزی و بەهایەکی نیشتیمانیان هەیە لە لای وڵاتان.

مۆزەخانە لۆکاڵییەکان (کەسییەکان): ئەم مۆزەخانانە، ڕەنگە لەلایەن کەسێک یان دەزگایەکەوە بەڕێوەببرێت، تایبەتن بە پاراستنی کەرەستە و بەرهەم و یادەوەریەکانی کەسێک یان گرووپێکی دیاریکراو، بەگشتی تواناکانی ئەم جۆرە مۆزەخانانە سنووردارە لەڕووی دەوڵەمەندی کەرەستە و فراوانی شوێن و تەکنیکەکانی پاراستنی یادەوەرییەکان، دەکرێت کەمتر ڕەگێکی قووڵی دیرۆکی و ژیارییان هەبێت خاوەن مێژوویەکی نزیک بن. ئەمەش ئەو مۆزەخانانە دەگرنەوە کە لێرەو لەوێ بایەخیان پێ دەدرێت، دەگونجێت زۆر هۆکاری مێژوویی و کۆمەڵایەتیی و ڕۆشبیریی و نیشتیمانیی و کاریزمابوون لەپشت سەرهەڵانیانەوە هەبێت. ئەم مۆزەخانانە بۆ ڕێزگرتنە لە هەوڵ و تێکۆشان و خەباتی ئەو کەسانەی کە وەک سیمبوڵێکی نیشتیمانیی و نەتەوەیی تەماشا دەکرێن لە مێژووی گەلاندا. لە کوردستان دا ئەم جۆرە مۆزەخانانە زۆر برەوی پێدەدرێت، بۆ نموونە مۆزەخانەی "شێخ مەحمودی نەمر"، یادگای "مەلا مستەفای بارزانی"، مۆزەخانەی "کریم ئاغای هەمەوەند".

جۆرەکانی مۆزەخانە

لە ئێستادا وەزیفەی مۆزەخانەکان جیاوازە و لەڕووی بابەتی و جۆراوجۆرییەوە، بەچەندین شێوە دەرکەوتوون و خراونەتە خزمەت مرۆڤایەتییەوە دەکرێت بەلەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندیبوون جۆرەکانی مۆزەخانەکان دابەش دەکەین بۆ:

مۆزەخانە مێژووییەکان: ئەم جۆرە هەر مۆزەخانە گشتی و نیشتیمانییەکان دەگرێتەوە کە دەکرێت کەرەستە مێژوویی و شارستانیەکانی کۆی مرۆڤایەتی یاخود جوگرافیا و وڵاتێکی دیاریکراوی تێدا پارێزرا بێت.

مۆزەخانە فۆلکلۆرییەکان: ئەم جۆرە مۆزەخانانە عەنتیکەخانەشیان پێدەوترێت، کە بەزۆری کەرەستە لۆکاڵی و فۆلکلۆرییەکانی ناوچەیەکی تێدا نمایش دەکرێت بە مەبەستی بینین یان قازانج و ئاڵوگۆڕ و بازرگانی و کڕین و فرۆشتن، ئەو کەرەستانەی لێرەدا دەست دەکەوێت کەمتر بەهای مێژووییان هەیە بەڵکو زیاتر بەهایەکی فۆلکلۆرییان هەیە، بۆیە ڕێگە پێدراوە کڕین و فرۆشتنیان پێوە بکرێت. وەک عەنتیکەخانەی هەولێر لە سەرقەڵای هەولێر. لە ئێستادا ئارەزووی کردنەوەی ئەم جۆرە مۆزەخانە بچووکانە لە پەرەسەندندایە، بەجۆرێك لە زۆر گەڕەك و شار خەڵکانێك هەن بایەخ بەکردنەوەیان دەدەن.

مۆزەخانە تراجیدییەکان (مۆنۆمێنت): لایەنی مێژوویی و شارستانی مرۆڤایەتی پڕە لە دەستکەوت و بەهای بەرزی مرۆڤایەتی هەر لە پێشکەوتنە بەرچاوەکانی جۆر و شێوازی ژیان لە ڕووی کوالێتی و چۆنایەتی و چەندایەتییەوە، ئەم پێشکەوتنە بەپێی پێداویستی و قۆناغەکانی ژیان چاخ لەدوای چاخ گەشەی بەخۆوە بینیوە بە ئێستاشەوە. بەدی ئەوەی مایەی نەنگییە مێژووی مرۆڤایەتی لەپاڵ دەسکەوتە زۆروزەوەندە شارستانیەتییەکانیدا سیخناخە بە هەستی شەڕەنگێزی، بەربەریەت، کوشتن و جینۆسایدکردن. ئەوەی مایەی داخە ئەمە بەشێکە لە ڕووە دزێوەکەی شارستانیەتەکان، هەروەک عەلی عیزەت بیگۆفیچ دەڵێت: "ناکرێت هەرگیز، شارستانیەت ڕەت بکەینەوە، بەڵکو تەنها شتێک کە بە ئێمە دەکرێت ئەوەیە ئەو ئەفسانانە تێک بشکێنین کە دەوری شارستانیەتەکەمانی داوە".

ئەمە وای کرد مرۆڤایەتی بۆ پاراستنی یادەوەری و قوربانییەکانی بیر لە مۆنۆمێنت یاخود مۆزەخانەی تراجیدی بکاتەوە، بۆیە مۆنۆمێنتەکان بوون بە دەزگایەکی کلتووری لە کۆنەستی مرۆڤەکاندا بۆ ئەرشیفکردن و پاراستنی مێژووی ڕووداوەکان و کەرەستە و یادەوەری و ڕووفاتی قوربانییەکان هەتا لەلایەک مێژوو لەیادیان نەکات و لەلایەکی تر بۆ ئەوەی جینۆساید و ڕووداوە تراژیدییەکان دووبارە نەبنەوە و دیسانەوە بەرۆکی مرۆڤایەتی نەگرنەوە.

بۆیە لەچوارچێوەی گەشتوگوزاریدا و لە فەرهەنگی گەشتیاریدا، مۆزەخانەی تراجیدییەکان بوونەتە هۆی سەرهەڵدانی چەند دەستەواژەیەکی وەک گەشتوگوزاری ڕەش یان گەشتوگوزاری تاریک، یاخود

گەشتوگوزاری خەم و پەژارە، ساڵانە ژمارەیەکی زۆر گەشتیار ئارەزووی ئەم مۆزەخانانە دەکەن و گەشتی بۆ دەکەن.

ئەوەی جێی سەرنجە لە مۆزەخانەی تراجیدییەکاندا مەرج نییە شوێنەواری قوربانییەکان جێدەست و بکەری مرۆیی بێت وەک شەڕ و کوشتن و قڕکردن، بەڵکو هەندێکجار ڕووداو و کارەساتەکان سروشتین، وەک ڕووداوەکانی لافا و گڕکانەکان و سۆنامی و نەخۆشی و پەتا یان مرۆییەکان.

ئەم مۆزەخانانە دەکرێت سنووربەند بن لە بینایەکدا  یاخود لەچوارچێوەی شار و ناوچەیەکدا پارێزگاریان لێ بکرێت. نموونە بۆ ئەم مۆنەمێنت و مۆزەخانە تراجیدیایانە زۆرە وەک مۆنەمێنتی هۆلۆکۆستی جووەکان، شانۆی ڕۆمانی، شاری پۆمپێی لە ئیتالیا... هتد. گەلی کوردیش لە مێژووی دوور و نزیکدا بەزۆر شێوە ڕووبەڕووی جینۆساید و قڕکردن بوەتەوە، گرنگترینیان کیمیابارانی هەڵەبجە و ئەنفالە. بۆیە خاوەن زۆر تابلۆی یادەوەری و مۆزەخانەی تراجیدی وەک مۆزەخانەی تراجیدی و مۆنەمێنتی هەڵەبجە و مۆنەمێنتی ئەنفال لە چەمچەماڵ و ئەمنەسورەکە لە سلێمانی و مۆنەمێنتی بارزانییەکان لە بارزان و چەندین دیواربەند و تابلۆی یادەوەری تر.

دەکرێت ئەوە بڵێین ئەو کەسانەی حەزی سەردانی ئەم مۆزەخانانەیان هەیە کەسانی تایبەتمەندن، وەکوو گەشتیاران، نووسەر و توێژەران، هونەرمەندان، مێژوونووسان، قوتابیان و خوێندکاران، شوێنەوارناسان،  ئەو کەسانەی ئارەزووی بینینی تراجیدیاکان دەکەن... هتد. وەلێ ئەوەی لێرەدا مایەی تێرامانە گەشتوگوزاری ڕەش، بۆ خۆشگوزەرانی نییە، بەڵکو گەشتیاران تەنها بۆ حەزی بینینی شوێنی قوربانییەکان و زانینی پلەی کاریگەری ڕووداوەکان و هەروەها بۆ پەند لێوەرگرتن سەردانیان دەکەن.

مۆزەخانە وەرزشییەکان: ئەمانە ئەو مۆزەخانانەن کە تایبەتن بە پاراستنی شانازی و دەسکەوت و کەلوپەلە وەرزشییەکانی هەڵبژاردەی وڵاتان و یانەکان و ئەستێرە و کەسایەتییە وەرزشییەکان، بە هەموو جۆرە جیاوازەکانی وەرزشەوە. بۆ نموونە، مۆزەخانەی وەرزشی هەڵبژاردەی تۆپی پێی بەرازیل، مۆزەخانەی یانەکانی ڕیاڵ مەدرید و بەرشلۆنە، مۆزەخانەی ئەستێرە مێژووییەکانی تۆپی پێی وەک پێلێ و دیگۆ ئەرماندۆ مارادۆنە... هتد.

مۆزەخانە ڕۆشنبیری و هونەرییەکان: ئەمانە ئەو ناوەندە ڕۆشنبیری و هونەرییانە دەگرنەوە کە دەکرێت ببن بە سەرچاوەی هۆشیاری و بەخشینی چێژ بە مرۆڤ، جا پاراستنی کەلوپەل و ئارامگەی ڕۆشنبیران و نووسەران بێت، یاخود شاری سینەمایی و هونەری و وەک "شاری سینەمایی هۆلیۆد، مۆزەخانەی هونەری میترۆپۆلیتان لە نیۆیۆرك، مۆزەخانەی شاکارەکانی هونەرمەندانی وەک لیۆناردۆ

داڤینچی و مۆزارت... هتد. واتا لەم مۆزەخانانەدا ئەو پاشماوە و کەرەستانە نمایش دەکرێت، کە بەهایەکی بەرزی ڕۆشنبیری و هونەرییان هەیە، گەشتیاران و ڕێبواران خەون بەوەوە دەبینن سەردانیان بکەن.

ویستی نۆستالجیا و گەڕانەوە بۆ مۆزەخانە

هەروەک لەم ساڵانەی دوایدا، بەهۆی دەوڵەمەندی میراتە شارستانی و کلتوورییەکانی وڵاتانەوە مۆزەخانەش لە زۆر ئاستدا گەشەکردنی زۆری بەخۆوە بینیوە، لەکاتێکدا یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی سەردەمی نوێ، گۆڕانکارییە خێراکان و پێشکەوتنە بەردەوامەکانە لە ڕەوتی شێوازی ژیان و حەزکردن و ڕەوایەتیدان بە تایبەتمەندی بوون. مرۆڤی سەردەمی نوێ ئەگەرچی لەزۆر ڕووی خۆشگوزەرانییەوە دەسکەوتی باشی بەدەستهێناوە بەدی لەگەڵ ئەوەشدا ویستی نۆستالجیا و گەڕانەوە بۆ ڕابردووی هەیە. بە سروشت مرۆڤ فزوڵییە و عەوداڵ و کەڵکەڵەی پرسیارکردنی لە ئەندێشەدایە و حەزدەکات بزانێت لە ڕابردوودا چی ڕوویداوە؟ مرۆڤ لە چ گۆشە و کەنارێکدا ئۆقرەی گرتووە، بەکوێدا گوزەری کردووە؟ ئەی ئێستا لە کوێدایە؟ ئەی داهاتووی چۆن دەبێت؟ واتا مرۆڤی سەردەمی نوێ، ئەگەرچی لە ئێستادا دەژێت جەستەی مەوجودە بەڵام هەمیشە بیری لەلای ڕابردووە و خەیاڵی لای داهاتووە. ئەمە وای کردووە شارستانییەت و کلتوور (فەرهەنگ) و فۆلکلۆری ڕابردووی مرۆڤایەتی و وڵاتەکەی لەلا شیرین بێت. هەست بە گرنگی مۆزەخانە بکات، لەوێستگەی گەشتەکانیدا کات تەرخان بکات بۆ سەردانیکردن و بینینی مۆزەخانەکان.

پرسی شارستانییەت و بەهای گەشتیاری مۆزەخانەکان

مۆزەخانەکان لەمڕۆدا بوونەتە جێ سەرنجی بەشێکی زۆر لە ڕێبواران و گەشتیارانی خانەخوێ و بیانی. بەهۆی ئاسانی هۆیەکانی گەشتکردن و تاڕادەیەک بەرزی ئاستی داهاتی تاکەکەس و بوونی پشوو، قۆستنەوەی کاتەکانی دەستبەتاڵی و فەراهەمبوونی ئازادی گەڕان و باشبوونی بارودۆخی ئاسایش و پەرەپێدانی ژێرخان و سەرخانە گەشتیاریەکان، ئەمە دۆخێکی تەواوکاری گەشتیاری دروست کردووە و بووەتە بازاڕێکی گەشتیاری بۆ کێشکردن و سەرنجڕاکێشانی ژمارەیەکی زۆر لە گەشتیاران. ئەوەی لێرەدا گرنگە، ڕێبوار کاتێک ڕوودەکاتە هەر وڵاتێک، جا بۆ هەر مەبەستێک بێت،

مەحاڵە سەرێک لە شوناسی میراتی شارستانی وڵاتی خانەخوێ نەدات ئیتر مۆزەخانەکان بێت یان هەڵکۆڵراو و پێگە و شوێنەوارە مێژووییەکان یان جێدەستی بەرهەمە فۆلکلۆری و کارە دەستییەکان بێت.

لە ئێستادا و لە فەرهەنگە گەشتوگوزارییەکاندا و بە زمانی گەشتیاری، مۆزەخانەکان و دەزگا کلتووری و فۆلکلۆری و ڕۆشنبیرییەکان بە بەشێک لە توانستە سەرخانییەکانی گەشتوگوزار دادەنرێن. بۆ زۆر وڵات بە سەرچاوەیەکی داهاتی بەردەوام و ڕەخساندنی دەرفەتی کار و هاتنە ناوەوەی دراوی قورسی بیانی دادنرێن و بەشێک لە پەیکەربەندی ئابووری وڵاتانی پێکهێناوە، ئابووریەک کە کۆکە لەگەڵ سروشت و ژینگەدا، سەرچاوەیەکی سامانی نیشتیمانی نوێ و گرنگە و دەرفەتی کار دەڕەخسێنێت. دەکرێت بڵێین پیشەسازی گەشتوگوزاری تەنها کەرتێکە کە بە پەرەپێدانی توانا گەشتیارییەکان سەرجەم کەرتەکانی تری وەك پیشەسازی بازرگانی و گواستنەوە پێشکەوتن و بووژانەوە بەخۆیانەوە دەبینن، بەبێ ئەوەی هیچ جێکەوتێکی سلبی لەسەریان بەجێبهێڵێت.

سەرچاوەکانان

1. ویل دیورانت، مێژووی شارستانیەت، خۆرهەڵات لانکەی شارستانیەت، وەرگێڕانی: عەبدوڵڵای ڕەسولی، چاپخانەی چوارچرا، چاپی یەکەم، سلێمانی، 2010.

2. کلاریس سوێشەر، ڕۆژهەڵاتی نزیکی کەونارا، وەرگێڕانی: عەبدولرەحیم مەعریفەتی، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، بێ ساڵی چاپ.

3. نادر ڕۆستی، گرنگی جۆرەکانی گەشتوگوزار بۆ ئابوریەکی بەهێز، چاپخانەی تاران، چاپی یەکەم، تاران، 2022.

4. شیروان ڕشید عمر، بنەما جوگرافییەکانی پەرەپێدانی گەشتوگوزار لە پارێزگای سلێمانی، تێزی دکتۆرا (بڵاونەکراوە)، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی، زانکۆی سلێمانی، 2011.

5. کازم ئەحمەد سەدرەدین، پەرەپێدانی توانستە جوگرافییەکانی گەشتوگوزار لە قەزای چەمچەماڵ، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، 2023.

6. ئیسرا بورهان، مۆزەخانە، سایتی زانیاری، ڕێکەوتی 2022/12/11، بڵاوکراوەتەوە. لینکی سایتەکە:

https://zaniary.com/blog/639627689c3a3/%D9%85%DB%86%D8%B2%DB%95%D8%AE%D8%A7%D9%86%DB%95